# قەڵغانی سەبر

تەرجەمەی قەسیدەیەکی " سەیفی فەرغانی "

فەریدوونی ئەرشەدی

مەولانا " سەیف الدین محمد فەرغانی " لە سەدەی حەفتەم و هەشتەمی کۆچی و لە سەردەمانی دەسەڵاتی " ئیلخانان و مەغولان " دا ، ژیاوە . لە زۆربەی شیعرەکانیدا ، بەتایبەت قەسیدەکان ، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی زەمانی خۆی باس کردوە . لە گەڵ شاعیرانی بەناوبانگی وەکوو " سەعدی شیرازی و همامی تەبریزی " ئاشنایەتی و دۆستایەتی هەبووە . ئەم تەرجەمەیەی لە بەر دەستتاندایە ، تەرجەمەی قەسیدە بەناوبانگەیەتی کە بەم شێوە دەست پێ دەکات :

**هم مرگ بر جهان شما نیز بگذرد هم رونق زمان شما نیز بگذرد**

ناوەرۆک و حەقیقەتی شیعرەکەی سەیف ، کە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کۆمەڵگاکەی نووسیویەتی لە تەک هەموو سەردەمانێک ، بەتایبەت ئەم ئان و ساتەی ئێمەی تێدا دەژین ، دێتەوە :

هەم مەرگ بەسەر جیهانی ئێوەش دادێ

هەم وادە بە سەر زەمانی ئێوەش دادێ .

ئاوازی بەسامی کوندەبووی ئەم دەردە

بەم کۆشکی سەر و تەلانی ئێوەش دادێ .

تاڵاوی ئەجەل ، کە قورگی هەموان دەگرێ

بەو قورگ و دەم و ددانی ئێوەش دادێ .

ئەی شیری ستەمتان ، وەکوو ڕم باڵا بەرز

کول بوونی دەمی دەبانی ئێوەش دادێ .

چۆن دادی کەسان نەماوە هەرگیز تا سەر

وا دەرفەتی زاڵمانی ئێوەش دادێ .

گەر نەعرەتەکەی شێری وڵاتان خنکا

خنکانی حەپەی سەگانی ئێوەش دادێ .

هەر سوارێ گلا ، نەماوە تۆزی ئەسپی

فەوتانی هەرای کەرانی ئێوەش دادێ .

ئەو بایە کە زۆر مۆمی مراند لەم دونیا

بۆ سەردەمی مۆمکوژانی ئێوەش دادێ .

کاروانێ نەما لەئەم سەرایەی نەڕوا

وادەی بەسەرا گەڕانی ئێوەش دادێ .

گەر غەڕرە بەوەن کە چارەنووسمان تارە

خەتتێکە ، بەنێوچەوانی ئێوەش دادێ .

ئەو ساتە کە پێی ، هەلی کەسانت ئەستاند

بۆ سەردەمی ناکەسانی ئێوەش دادێ .

رۆژێک و دوو رۆژن ، هەڕەتی پیاو چاکان

هەر پاشی دوو ڕۆژ ، نەمانی ئێوەش دادێ .

قەڵغانە لە بۆ تیری جەفاتان سەبرم

تا هێزی دەس و کەمانی ئێوەش دادێ .

هەر ماوەیەکە ، گوڵی گوڵستان بۆ کەس

پاییزی گوڵ و گوڵانی ئێوەش دادێ .

پەنگاوەتەوە سەروەت و ماڵتان بۆیە

سێڵاوی بە سەر سەرانی ئێوەش دادێ .

ئەسپاردو بە دەس گورگی تەماحت ، مێگەل

هەر گورگێ بە سەر شوانی ئێوەش دادێ .

گەر فیلی "فەنا" ، شاهی "بەقا" ی مۆڵ دابێ

کێوماڵی پیادەکانی ئێوەش دادێ

بەم شیعرە "سەیف" ، نێوێکی وای بۆ ماوە

ئەوڕۆکە بەسەر زمانی ئێوەش دادێ